یەشتا غەفوور

### خوێندنەوەیەک بۆ دیوانی شیعری فینلەندی

# با پەیڤەکان بەردەوام بن

وەرگێڕان هێندە شتێکی ئاسان نییە کە هەموو کەس دەستی بداتێ و لە نێو هەر نەتەوەیەکدا ئەگەر بێتو وەرگێڕان و بەتایبەت وەرگێڕانی ئەدەبی بکەوێتە دەستی هەموو کەس و هەرکەسە و لە شوێنی خۆی هەستێتەوە و دەست بداتە قەڵەم و بکەوێتە گیانی ئەو دەقانەی کە تەنانەت ناشیانناسێت، ئەوا ئیتر ئەبێت دەست لەو پشکەی ئەدەبیات بشۆین کە بە وەرگێڕان رۆ نراوە. لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا، لەم چەند ساڵەی دواییدا وەرگێڕان پانتاییەکی بەرینی بۆ خۆی داگیر کردووە، بەڵام لەو پانتاییەشدا خشتوخاڵی زۆر بەرچاو دەکەوێت و هەر ئەمەیش وەهای کردووە کە زۆر کەم وەرگێڕان بە کەم بگرن، بێ ئاگا لەوەی کە وەرگێڕان پردی پەڕینەوە و ئاشنابوونی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکە بە کۆمەڵگەیەکی تر، بنیاتنانی دیوارەکانی فەرهەنگێکی جیهانییە و لە هەمان



کاتیشدا بە لۆکاڵیکردنی خودی فەرهەنگە. بەدەر لە گشت ئەمانە، وەرگێڕانی کوردی خراپ نییە و بە بارودۆخێکدا تێ دەپەڕێت کە ئەشێت ئەگەری ئەوەی لەسەر بدرێت کە لە داهاتوودا ئەدەبیاتی ئێمە بچووک و کرچ و کاڵ نییە.

«با پەیڤەکان بەردەوام بن»، یەکێکە لە دیوانە شیعرییەکانی نووسەرێکی مەست، نووسەرێک کە هەر بە مەستی ژیا و هەر بە مەستیش خۆی نەغرۆی زەریاکان کرد. ئەم دیوانە، یەکێکە لە کتێبە باشەکانی نووسەری فینلەندی "پەنتتی ساریکۆسکی ـ Pentti Saarikoski" کە لەساڵی ١٩٦٧ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. ئەم دیوانە شیعرییەی پەنتتی لەو ساتەوەختەدا نووسراوە کە نووسەر گۆشەگیر و کەم دۆ بووە و بەردەوامیش خەریکی خواردنەوە و نووسین و خوێندنەوە بووە و لەگەڵ ئەمانەشدا لەگەڵ "میبا" ناوێک پێوەندیی هەبووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە دەبینن دیوانی "با پەیڤەکان بەردەوام بن" پڕیەتی لە واژە و دەستەواژە و رستەی تایبەت و دیار:

**"چ دەربەندێکی جوانە ئەم شوێنەی من!**

**کەشتییەک لە ناوەڕاستی ئاوەوە لەنگەری گرتبوو**

**خۆریش وردە وردە ئاوا دەبوو**

**چاوەڕوان بووم تۆ شتێکم دەیتێ بە دیاری و منیش سوپاست بکەم**

**من هەر چاوەڕوانتم" (لاپەڕە ٢١).**

"خەسرەو پیربال" وەرگێڕی ئەم کتێبەیە کە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە و پێویستە لێرە ئاماژەیان پێ بکەین تاوەکو هەوڵەکانی پیربالمان لەبیر نەچێت و بە هەندیان وەرگرین و لە هەمان کاتیشدا هەست بەو جدییەتە بکەین کە لە کاری خەسرەو پیربالدا دیارە.

– پەرتووکەکە جگە لە شێوە نووسینی سۆرانییەکەی تێدایە، شێوەزارە کرمانجییەکەشی لەخۆ گرتووە بە پیتی لاتینی، کە ئەمە هەوڵ و ماندووبوونێکی جدی و خەمخۆرانەیە بۆ ئەوەی زۆرترین خوێنەری هەبێت لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە هەست بە گرینگی هەردوو شێوەزار بکرێت.

– هەندێک وێنەی نووسەر و سرووشتی فینلەندا لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکە دانراون کە ئەمەش دووبارە کاریگەریی دەبێت لەسەر زەینی خوێنەر و وەک وەرگێڕ کە لە تەلەفۆن پێی گوتم: "ویستوومە بەم وێنانە سروشتی جوانی فینلەند و مەزنی ئەم نووسەرە نیشان بدەم تاوەکو خوێنەری کوردی بە ئاگەداری تەواوەوە روو بکاتە ئەم کتێبە و لێی تێ بگات".

– زمانی وەرگێڕانی خەسرەو پیربالّ ، زمانێکی ناسککراوە و سادەکراوە و هەروەک خودی وەرگێڕ باسی کردووە، هەوڵی داوە ئەو قوورسایەتی و ئاڵۆزییەی کە لە شیعرەکانی ساریکۆسکی هەیە، وەهایان لێ بکات بە ئاسانی لەلایەن خوێنەری کوردییەوە وەرگیردرێن.

**"لێرە، لە ترسی ئاسمانی ئێواران**

**دارەکان لە یەکتری نێزیک دەبنەوە**

**بڕۆ خۆشەویستەکەم**

**بڕۆ و غەمت نەبێت، ئامۆژگاری من مەکە**

**من ئەوە چەندین ساڵە ئێرە مەنزڵگامە**"(لاپەڕە ٢٤)

پەنتتی ساریکۆسکی، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە سەردەمی شۆڕشگێڕیدا ڕۆیشتووە، چونکە وڵاتەکەی بە کێشە و ململانێیەکی زۆردا تێ پەڕیوە و ئەو قۆناغی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیی لەم نووسەرەدا بەدی دەکرێت و لە هەندێک شوێندا ناوی ئەو ناوچانەی فینلەند دەبات کە لەلایەن رووسەکانەوە داگیر کراوە:

**"کاتێک ماندوو دەگەین**

**کاتێک دەگەینە کاریالا**

**دەچینە نێو تاریکی شەو، داخوا هێلێنسکی چیمان بەسەر دێت**

**چی چاوەڕوانیان دەکات؟**"(٤٧)

دواجار پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرمەوە کە وەرگێڕان هەرچی بێت، هەڵچنینی دیواری ئەدەبیاتە و ئەم هەڵچنینەش پێویستی بە وەستای شارەزا و کارامە هەیە و هیوادارین کە وەرگێڕانی "با پەیڤەکان بەردەوام بن"، لەلایەن خەسرەو پیربالّەوە، پردێکی پێوەندی بێت لە نێوان هەردوو کولتووری کوردی ـ فینلەندی. خوێندنەوەی شیعرەکانی پەنتتی ساریکۆسکی، پێویستییەکن کە دەشێت بە جدییەوە وەریان بگرین، چونکە پەنتتی ساریکۆسکی یەکێکە لە دیارترین نووسەرەکانی فینلەندا و جێ پەنجەی لە نێو ئەدەبیاتی فینلەندی و ئەورووپی دیارە.

shorshghafuri@yahoo.com

ناوی کتێب: با پەیڤەکان بەردەوام بن / لە ئەدەبیاتی فینلەندی
شاعیری فینلەندی: پەنتتی ساریکۆسکی. وەرگێڕان: خوسرەو پیربالّ
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان
کوردستان – ٢٠٠٩